# سۆسیالیزمی عەرەبی لەسەر خاکی کوردان

ن.خالید عیسا و.ئازاد خدر

دەسەلاٌتی بەعس توندترین سیاسەتی شۆڤینیانەو سەرکوت کەرانی دژی دەرەبەگ و جوتیارانی کورد پیادە کردوە لە پێناو ڕووتاندنەوەیان لە موڵك و زەوی و زاری کشتوکاڵیو ڕێگرتنی لەهەر جمو جۆڵێك و یاخود بونێك دژی پەیرەوکردنی سۆشیالیزمی عەرەبی لە خاکی کوردیدا.

دەسەلاٌتی بەعسی لە سوریا شالاٌوێکی بەربلاٌوی دەست پێکرد بۆ دەست گیرکردن و ڕاوە دوونانی هەر کەسێك کە بۆنی گیانی نەتەوایەتی وردی لێبێت و تەنانەت هەر کوردێك وتارێکی کوردی بخوێندبایەوە ڕەوانەی دەزگاکانی ئاسایش دەکراو چارەنووسیشی تەنها بە دەست ئەو لایەنە دەبوو کە دەست گیری کردووە، هەر ئەدگارو ئاکارێکی ئینتیمای کوردی گوێگرتن لە مۆسیقای کوردیو جل و بەرگی کوردی حەرام کراو وایلێهات هەر کەسێك بیوتبا من کوردم بە وورووژاندنی دوژمنایەتیو جودا خوازی لە ولاٌتی عەرەبی تۆمەتبار دەکرا، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی جوتیارانی کورد نەیاندەزانی بە عەرەبی بدوێن جا چۆن بلێن ئێمە عەرەبین؟ ئەگەر کوردێك لە فەرمانگە فەرمییەکاندا لە ترسان بیوتبا من عەرەبم فەرمانبەرە عەرەبەکان زیاتر ڕقیان لێدەبووەوە لەبەر ئەوە بە ترسنۆك لە قەڵەمیان دەدا. ئەو کوردانەش کە چالاکیو جموجۆڵی نەتەوایەتیان دەنواند دووچاری ڕاوە دوونان و دەسگیر کردن دەبوونەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (ینی غەزەت)ی تورکی لە ژمارەی ١٠/ئایار/١٩٧٦ دەڵێ (هیچ ڕۆژێك نییە چەند کوردێکی جەزیرە دەسگیر نەکرێن و ڕەوانەی بەندیخانەکانی دیرالزورو دیمەشق و حەلەب نەکرێن و ماڵ و موڵکیان لێزەوتنەکرێت ... دەزگای پۆلیسیو سەرکوتکەرەکان و بڕیارو فەرمانگەکانی دادگا سەربازیەکان لەو هەرێمەدا کەش و هەوایەکی ترسناك و پڕ لە تۆقاندن و دڵە ڕاوکێیان خولقاندووە.... لە نێو ١٥ ڕۆژدا ٨٠ کوردیان دەسگیر کردووە... و لە ٢١/ئاب/١٩٩٦ ، ١٧٠ کوردیان دەسگیر کردووە بە تۆمەتی هاوکاریو پشتگیری کردن لە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی .... دەزگاکانی ئاسایش ئەگەر نەیانتوانیبێ گومان لێکراوەکە دەسگیربکەن ئەوا بە دڕندانەترین شێوە هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەندامانی خێزانەکەیو لێیان داون و ماڵ و حاڵیان لێتێکداون و تەنانەت چەندان ئافرەتی کورد منداڵیان لەبەر چووە لەکاتی ئەو هەڵکوتانانەو دڕندانانەو ئاکامە جەستەییو سایکۆلۆژییە سلبیەکانی بۆ ئافرەتانی دوو گیان کە گوناهەکەی تەنها ئەوە بوو کە کوردە).

دەسەلاٌتدارانی سوریا ویستیان کورد لە خاکی خۆیان بێبەش بکەن بە بیانووی پەیرەوکردنی چاکسازی کشتوکاڵیو دادی کۆمەلاٌیەتی ئەو بیانووە تەنیا وەك پەردەیەك بوو بۆ شاردنەوەی سیاسەتە شۆڤینیو ڕەگەز پەرستانەیان دەر هەق بە کورد، چونکە زانراوە کە ناوچە کورد نشینەکان لە پارێزگای حەلەب و لازقیە تەنیا زەوی کشتوکاڵی بچووکیان بۆ مابووەوە، لە مبارەوە ڕاپۆرتێکی سوری بە شێوەیەکی فەرمی لە تەموزی/١٩٦٦ ئەوەی ڕاگەیاندووە کە (زەوییە داگیرکراوەکان لە ناوچەی جندیرس تەنیا ١٠٪ ی ڕووبەری زەوییەکان لەو ناوچەیە پێکدەهێنن و ٨٠٪ ی زەوییە کشتوکاڵیەکان، موڵکی بچووکن و خاوەنەکانیان ئەو جوتیارانەن کە زۆر بە توندی بەو خاکەوە بەستراون، بۆیە کێشەی نەتەوەیی لەو ناوچەیەدا لەڕێگای چاکسازی کشتوکاڵیەوە چارەسەر ناکرێ). بەلاٌم دیارە (سەرکردە گەورەکان) چاوویان بەرایی نەدەهات جوتیاری کورد خاکی هەبێ، شایەنی باسە نووسەرانی ئەو ڕاپۆرتە دووپاتیان کردبووەوە کە چالاکی (پارتی لەو ناوچەیەدا مەترسی نییە وەك ئەوەی کە لە ناوچەی جەزیرەدا هەیە ..... بۆیە خرۆشاندنی کێشەی سیاسی لەو ناوچەیەدا هەڵەیە). ڕاپۆرتەکە دەڵێ (جێنشین کردنی خێزانی عەرەبی لە ناوچەی کورداندا مایەی دڵخۆشی نەبوو بۆ خێزانە عەرەبە هاوردەکان کە بە دزیو بەد کاری بەناو بانگ بوون). دیارە خودی نووسەرانی ڕاپۆرتی ناوبراو باوەڕیان بەوە نەبوو کە ئەو پرۆسەی شۆڤینییە بە ناوی چاکسازی کشتوکاڵیەوە بکرێ، بەلاٌم وێڕای ئەوەش، کۆی خاکە داگیرکراوەکانی کوردان لە پارێزگای حەلەب تا ساڵی ١٩٦٨ گەیشتە ١٨٠٦٧٨ هیکتار ئەوەش زۆر دوورە لە پرینسیپی دادوەریو خودی سۆشیالیزم کە دەسەلاٌتداران بانگێشتەیان بۆ دەکرد. جگە لەوە، ١٧,٤٪ ئەو زەوییانە بوون بە موڵکی دەوڵەت. لە پارێزگای لازقیەشدا، ١٧١٥١ هیکتار دەستی بەسەر داگیراو ٤٤٨٠هیکتار بەسەر جوتیارانی عەرەب دابەش کراو و ٧٤٪ی خاکە داگیر کراوەکان بوون بە موڵکی دەوڵەت کوردەکان لە شاری (حماە)دا زووتر دووچاری ئەو سۆشیالیزمە عەرەبیە بەدناوەو چاکسازییە کشتوکاڵیە چەوتەی (ناسری)و بەعسی بوونەوە، دەسەلاٌتدارانی (ناسری) لە سوریا ئەفسەرێکی (حەمەوی) بە ناوی (مستەفا حەمدون) کردە وەزیری کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی، کە یەکێك بوو لە لاگیرانی (عبدالحمید السراج) کە زۆر ڕقی لە کوردە(البرازیە الحمویە)کان بوو.

ناوبراو زۆربەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی خانەوادەی (نەجیب ئاغای بەرازی) زەوتکرد بۆ ئەوەی کوردەکانی (بەرازیو حەمەوی) لە بنەمای ئابووریو (کشتوکاڵی) بڕوتێنێتەوە، وێڕای ڕەسەنایەتیو مێژوو و پێشینەی بەرازییەکان پێش و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سوریاو بەشداری کردنیان لە زۆربەی پارتە عەرەبیەکان، بەلاٌم ئیلیت (هەڵبژاردە)ی عەرەبی وەك سەنگێکی کوردی سەیریان دەکرد کە ڕەنگە ڕەهەندێکی قووڵی ستراتیژیان بۆ دانیشتوانی کورد لە کوردستاندا هەبێ، بۆیە ئیلیتی عەرەبی لە سوریادا هەر لە پەنجاکانەوە هەوڵیاندا بەرازییەکان لەناو ببەن یاخود لاوازیان بکەن.هەر (کوبانی) بە عەرەب کراوەوە تا (عین العرب)، سۆشیالیزمی عەرەبی پێویستی بەوە بوو خاکی (بوزان شاهین بەگ) داگیربکات کە یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی (خویبون) و سەرۆکی پێشووی شارەوانی (عین العرب) بوو. زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئەو دەرەبەگە کوردە جووتیارە کوردەکان دەیانکێلاٌو تۆیان دەکرد پێش هاتنی دەسەلاٌتی (عبدالناصر) و بەعس، بەلاٌم داگیر کردنی ئەو زەوییانە، ڕەوشە کە نەگۆڕا، چونکە حکومەتە عەرەبیەکان نەیاندەوێرا عەرەبی هاوردەبێننە ئەو ناوچانەوە، بەم جۆرە ئەو زەوییانە هەر بە دەستی جوتیارو دەرەبەگی کوردی مانەوە.

# پەیوەندی کوردو عەرەب لە سایەی جیهانگیریدا

جۆرج کتن

ناکرێ لە سایەی جیهانگەراییدا باس لە هەر پرسێك بە تایبەت پرسی پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب بکرێ بێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە جیهاندا، چارەسەر کردنی ئەم پرسەو کێشەکانی دیکە بە پێی لۆژیکی پێش جیهانگەری دەبێتە مایەی ئالۆزتر بوونی مایەی پرسەکە و دورخستنەوەی لە چارەسەری واقیع بینانە بە کەمترین زەرەڵ و زیانی گیانی و ماددی. تاکو ئێستا زۆربەی ئیلیت( هەڵبژاردە )ی عەرەبیو کوردی کە چارەسەر کردنی کێشەو ململانێیەکان لە ئەستۆی ئەوان دایە، باش تێنەگەیشتون لەو شۆڕش و ڕووداوانەی کە شێوەو ڕووخسارێکی نوێیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە جیهانی بەخشیوە پاش هەرەسەکەی یەکێتی سۆڤییەت و بلۆکی ڕۆژهەلاٌتی و وەرچەرخانیان بۆ سیستەمی دیموکراتی پشت ئەستوور بە ئابووری بازار، کە بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداریدا بوو، ئەو سیستەمەی کە بووە پێشکەوتووترین و گشتگیرترین سیستەمی ئابووری کۆمەلاٌیەتی لە سەرتاسەری جیهان و سەرجەم بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگای بەخۆوە گرت و هەموو سنوورە نێو دەوڵەتی و هەرێمایە تیەکانی بەزاند بە ڕادەیەك هەر ئاراستەیەك و پڕکردنەوەیەك لە خۆ بەخێوکردن(اکتفاء الذاتي)و پشت بەخۆ بەستن لە بواری ئابووری و سیاسەتدا هیچ مانایەکی واقیعیانەی نەما لە سایەی حەز نەبوونی ڕۆڵی کۆمپانیا زەبەلاحەکان وفرە ڕەگەزییەکان کە کۆنترۆڵی زۆربەی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان لە جیهاندا دەکەن وبازاڕە( نەتەوەییەکان )و تەقلیدییەکان ونێو خۆییەکان یەك لە دوای یەك هەڵدەوەشێنەوەو هەژمونی جیهانگەریی گەردوونی ـــ یەك جەمسەری ـــ وەك ئالاٌیەکی براوە بە سەر سەرتاپایی جیهاندا دەکشێنن. لەم هەل و مەرجەدا مەرج نیە ڕۆڵی حکومەت و دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە بەڕێوەبردنی ئەم جیهانگەرییەدا نەمێنێ، بەڵکو لاواز دەبێ یان ڕۆڵ و ئەرکی نوێی پێ دەسپێرێ بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا بخرێتە نێو دەوڵەتی فیدرالی گەردوونی. هاوکار جیهانگەری وەك سیستەمێکی ئابووری سەرکەوتوو، سیستەمی دیموکراسی بە پێی نموونەی ڕۆژئاوایی هێنا ئاراوە کە بووە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆ سەرجەم ڕژێمە تۆتالیتاریو دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیەم و تەنانەت وای لێهات بە هێزی سەربازی ئەو جۆرە ڕژێمانە ببات ومافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوە بچووکەکان وژێر دەستەکان و ئازادیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو ولاٌتانەدا بەر قەرار بکات. جیهانگەری جگە لەوەش، لە چەندین بواری دیکەی وەك بواری تەندروستی و قەلاٌچۆکردنی نەخۆشیەکان و بواری ژینگەی گەردووی کە بۆتە پرسێکی گشتی و جیهانی بواری ڕێگا گرتن لە بلاٌوبوونەوەی چەکی کۆکوژەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان کە هەڕەشە لە هەموو جیهان دەکەن و بواری ئاسایشی جیهانی...... هتد ڕۆڵی بەر چاوو کاریگەری هەیە. هەڵبەتە ڕەتکردنەوەی جیهانگەری، سیاسەیی ڕوکەشانەیە تەنها( دروشمێکی ئەخلاقیە ) بەلاٌم هیچ سەنگ و کاریگەری لەسەر پرۆسەی جیهانگەریدا نییە. بەلاٌم داواکردن بۆ جیهانگەریەکی هیوانیتی (مرۆیی) و بەر فراون کردنی بنەماو پێگەی دیموکراسیەتە و مافەکانی مرۆڤو ئافرەتان و نەتەوە بچووکەکان وکەم نەتەوەییەکان و دادی کۆمەلاٌیەتیو ئابووریو دارایی(لە ڕێگای سەندوقی دراو و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و بەنی نێ دەوڵەتی)، داواکارییەکەی ڕەوایە و پێوستە. بەلاٌم ڕەتکرنەوەی جیهانگەری بە ناوی ئیسلامی توندڕەو ئوسولی، تەنیا سیاسەتێکی (دۆنکیشۆت) یانەیە نەزۆکەو هیچ ئاکامێکی ئەرێیانەی لێناکەوێتەوە. لە ڕاستیدا دەردو بەلاٌی کوشندەی عەرەب خودی ڕژێمە سەرکوتکەرو گەندەڵەکانیان دەگەڕێتەوەو ئیلیت (نوخبە )ی عەرەبی تاکو ئێستا لەقاوغی بیرو بۆ چوونە کۆن و دوا کەوتووەکانی دەرنەچووە، بەلاٌم کورد سوودی لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان و پرۆسەی جیهانگەری وەرگرتووە، بۆ نموونە، سوودیان لە (جاری جیهانی بۆ مافەکانی نەتەوەییو ڕۆشنبیریو ئایینی) کە لە ١٩٩٢ دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە وەرگرتووە کە جەخت لەسەر مافەکانی کەمایەتییەکان و ناسنامەو زمان و کەلتوورو هاوبەش و بەشداری لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان دەکات وپاراستنیو پەرەپێدانی ئەو مافانەو پێشێلنەکردنیان لە لایەن دوڵەتە دیکتاتۆرییەکانەوە، دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە، هەروەها سوودیان لە بڕیاری ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی وەرگرتووە کە داوای لە ڕژێمی پێشووی عیراق کردبوو دەستهەڵگرێ لە سیاسەتی سەر کوتکردن و جینۆسایدی گەلانی عیراق ..... ئەمە تەنها هەنگاوێکەو کورد دەبێ هەلی بەردەوام بۆ خۆ گوجاندن لەگەڵ جیهانگەریدا بدەن، ئەمەش پێویستی بە هەڵدانەوەی و لەبیرکردنی ڕابردووی پڕ مەینەتیو مەرگەساتەکان و دابڕان لە مێژوو و کەلتووری ململانێ و بیرۆکەو دوگمە کۆنەکان، واتە دەبێ کورد لە مەودوا چاویان لە پاشە ڕۆژی خۆیان بێت و پتر پێدابگرن لە سەر فیدرالیەت و ئەزموونی کوردستانی عیراق بکەن بە نموونەی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ لە سەرتا سەری عیراق و ناوچەکە پاش ئەوی لە کەم و کوڕیو هەڵەو ئاستەنگەکانی پاکیتە کەنەوە واتە دەبێ لە یەك ئیدارەی ڕاپەڕاندن و یاسادانان و دادوەری دا یەك بگرنەوە داهاتیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان تەرخان بکەن. ئەگەر چی کوردی عیراق سوودیان لە گۆڕانکارییە نێو دەوڵەتیەکان سەبارەت بە عیراقەوە وەرگرتووە، بەلاٌم کوردی سوریا هێشتا لە سایەی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەو شۆڤینیانەی ڕژێمی سوریا دەناڵێنن و ژمارەکی زۆریان ڕەگەزنامەیان لێسەندراوەتەوە و بە پشدێنێکی عەرەبی ئابلووقە دراون لە زەویو زاری کشتوکاڵیان و تەنانەت لە زمان و کەلتووریان بێبەشن و ناوی گوندو شارۆچکەو شارەکانیان ناوی عەرەبیان لێ دەنرێو دەرفەتی کارو دامەزراندنیان لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا زۆر کەمەو لە دەستوری سوریاش دا وەك نەتەوەی دووەم لە قەڵەم نەدراون و چەندانیشیان بێ هیچ وپاساوێکی و دادگاییێکی یاسایی ڕەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن. ئەمانە بوونە هۆی ڕاپەڕینی کوردانی سوریا لە ئاداری ڕابردوو لە پێناو مافە نەتەوەییو دیموکراتیەکانیان کە چیتر باروەڕخی هەرێمایەتیو نێو دەوڵەتی ڕێگا نادەن بە پێشێلکردنیان لەلایەن ڕژێمی سوریاوەو ئەگەر سوریا بیەوێ ڕێگا چارەی دیموکراسی وەك چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ کێشە و ڕەشەکەی هەڵبژێرێ، ئەوا چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە سوریادا مەرجی سەرەکیە بۆ هێنانەدی سیستەمێکی دیموکراتی لەو ولاٌتەدا.

هاوبەشیو پێکەوە ژیانی کوردو عەرەب لە عیراق و سوریا، هەنگاوێکە بەرەو دیموکراتیەتو مافەکانی مرۆڤو گەشە پێدان و دادپەروەری ئەمەش پێویستی بە دانپێنان هەیە بە گەلی کوردو مافی چارەنووسی و وازهێنان لە سیاسەتی دەمارگیری و شۆڤینیەتی نەتەوەی عەرەبی کە دەبێتە مایەی کاردانەوەیەکی توندڕەو دەمار گیریانە لە لایەن کوردەکانەوە کە جیاوازی لە نێوان عەرەب وەك گەلێك و کەلتوورێك و لایەك و عەرەب وەك ڕژێمێکی سەر کوتکەرو ( ئیلیت )ی دوژمن بە مافەکانی کورد لە لایەکەوە، نابینێ.

هاوبەش و پێکەوە ژیان پێویستیان بە سڕینەوەی ئاسەواری تواندنەوە ڕەتکردنەوەی نەتەوەی دیکەو قەرا بوو کردنەوەی زەرەلمەندان هەیە، هەروەها لەم قۆناغەدا ئەوە دەخوازێ کە بەرژەوەندی نیشتمان زاڵبێ بەسەر بەرژەوەندی نەتەوە ئەمەش نەك هەر عەرەب بەڵکو کوردیش دەگرێتەوە.

هاوکاری کوردو عەرەب لە پێناوی دیموکراسیدا، تەنها لە بەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبییدا نیە، بەڵکو لە پێناوی دیموکراسیەت و لە بەرژەوەندی هەردوو نەتەوەو بە تایبەتی لە بەرژەوەندی کورد دایە، داکۆکی کردنی عەرەب لە مافەکانی کورد، داکۆکی کردنە لە مافەکانی مرۆڤی عەرەبی کە پێکەوە لەگەڵ مرۆڤی کورددا دەژی، هیچ گەلێك ئازاد نابێ ئەگەر گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە، ئەوەی هەڕەشە لە یەکێتی نیشتمانی دەکات لەم قۆناغەدا، مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد نیە، بەڵکو ڕەت کردنەوەیەتی ئەگەر پێکەوە ژیانی کوردو عەرەب لە سایەی جیهانگەریدا لە پێناوی دیموکراتیەت و گەشە پێدان دایە، ئەوا یەکەم هەنگاو بۆ ئەو ئامانجە ئەویە کە دەبێ کۆمەڵەو ڕێکخراوی برایەتیو دۆستایەتی عەرەبی ـ کوردی و کۆڕو سیمینارو گفتو گۆی هابەش و دامەزراندنی لێژنەی هاوبەش و بەردەوام بۆ دیالۆگ، بێتە ئاراوە، ئەمەش کەمترین شتە کە ڕۆشنبیرانی دیموکراتخوازی هەردوو نەتەوە دەتوانن بیکەن.

# کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقی نوێدا..

کەمال ڕەئۆف

دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی عیراق کە بەشێکی زۆر لە دیاری کردنی چوارچێوە سیاسیو ئابووریو کۆمەلاٌیەتیەکەی لە دەرەوەی خواست و ویستی خەڵکەکەی بوو، پتر لە هەشتا ساڵە لە دوایی تەقسیم کاریو ڕێکەوتنی هەندێك لە ولاٌتە براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ئەم چوارچێوەیەیان بە شێوەیەکی نا عادیلانەو بەرژەوەند خوازی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندو تەنانەت مەلیکێکیشیان لە خێزانی هاشمیەکان کە عیراقیش نەبوو بۆ دەست نیشان کرد، بە درێژایی تەمەنی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتەو لە مێژووی ئەو پێکەوە ژیان و لێکگرێدانە زۆرەملێیەدا خەڵکی ئەو ولاٌتە ئارامیو ئاسایشی بە خۆیەوە نەدی، ئاگری ئەم نەهامەتیو پشێویەش نەك تەنها هەر بۆ خەڵکەکەی بوو تەنانەت دراوسێکانیشی گرتەوەو بووە یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە خاوەن ڕەشترین و خوێناویترین ڕابردوو بێت لە ناوچەکەدا، کۆمەڵگەی عیراق کە لە نەسیجێکی فرە نەتەوەییو فرە ئایینیو مەزهەبی پێکهاتووە، دەسەلاٌت و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی بە هەموو تواناو ئیمکاناتی سەربازیو پشتیوانی دەرەوە هەوڵیان داوە تا ئەو چوارچێوەیە بە هەر نرخێك بووە بپارێزن و لەو پێناوەدا ئیمکاناتێکی زۆرو دەریایەك خوێنیان ڕشتووە، بەلاٌم سەرئەنجام ئاکامی ئەو هەولاٌنە ئەوە بووە کە نەیانتوانیوە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکەن و کێشەکان بەو ئاکارەدا بەرن کە لە چارەسەرکردن نزیك ببێتەوەو بەشێوەیەکی هێمنانەو غۆناغ بەندی بەرەو چارەسەرکردنی یەکجارەکی بەرن. کێشەی نەتەوەی کورد کە تا ئێستا بە یەکێك بە کێشە گەورەکانی ناو ئەو قەربارە سیاسیە دەبینرێتەوە، هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە بەهێزەوە خۆی دەرخستووە و ئەم بەشە لە خەڵکی ئەو پێکهاتەیە نا ڕازیبووە بەو گرێدانە و دواتریش شۆڕش لە دوای شۆڕش بۆ بە دەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لەو دەوڵەتەدا تێکۆشاون، بەلاٌم چۆن سەرەتا لەسەر دەستی مەلیك بەخواستی ئەو ئینگلیز بۆ پارسەنگدانەوەی هێزی عەرەبی شیعە مەزهەب لەچوارچێوەی عیراقدا هێلڕانەوە، ئێستاش دیسانەوە بە هەمان مەبەست و لەسەر خواستی ناسیونالیزمی عەرەبیو تورك و فارس، هەوڵی ئەوە لە ئارادایە بەبەشداری ماتریال و هێزە کوردییەکان پارسەنگی بزووتنەوە ئیسلامیەکان و هێزی شیعەی پێبدەنەوە، کێشەی کورد کە یەکێکە لە کێشە هەرەزەق و خوێناوییەکانی عیراق و ناوچەکە ئەمڕۆ بۆیە بەهەڵپەسیردراوی ڕادەگیرێ تا لە ئایندەدا دیسانەوە بکرێتەوە بەوەرەقەکی فشارو بۆ بەرژەوەندی هێزە گەورەکان بەکار ببرێتەوە.

لە عیراقی کۆندا مەلیك بوونی کوردی لەو چوارچێوەیەدا بۆیە لاباش بوو تاکو لە پەرلەمانی عیراقیدا بەشداری بکەن و پارسەنگ سازی بۆ بکەن، بەلاٌم لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا نە کورد توانی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بچێتە پەرلەمانەوە و نەعەرەبی شیعەش توانیان ئەو جێگای مەترسیە بن لەسەر دەسەلاٌتی عیراق، لە عیراقی نوێشدا کەوا بڕیارە هەموو هێزە کۆمەلاٌیەتیو ئایینیو نەتەوەییەکان بەشداری لە بیناکردنەوەیدا بکەن و عیراقێکی فرە دەنگ و فرە ڕەنگ دامەزرێننەوە و بە شێوازێکی هاوچەرخانەو عادیلانە کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن بەرن، کەچی لە زاری سەرەك حکومەتە کاتیەکەی ( ئەیاد علاوی ) کە هەتائێستا توانای کۆنترۆڵکردنی تەنانەت هەندێك لە ناوچەو گەرەکەکانی بەغدادی پایتەختیشی نیە، گوێبیستی ئەو مژدە خۆشە دەبین و بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئاییندەی عیراق وەك ولاٌتێکی عەرەبیو ئیسلامی دەمێنێتەوە، خەڵکی عیراق کە بە درێژایی تەمەنی ئەو دەوڵەتە مێشکی بەوە ئاخنرابوو کە عیراقی عروبەو ئیسلام لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنەکانیدایە و لە ڕێگەی دروست کردنی وەهمی ترسی لە دەستدانی بالاٌدەستی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و نەتەوەی سەردەستی عەرەب و گێژاوی ناکۆکیەکانی ولاٌتانی عەرەبیو دەوڵەتی ئیسرائیل، هەموو دەنگ و ڕەنگێکی ناڕازی ناوخۆو خەڵکی بەوە تۆمەتبار دەکرا کە گوایە ئەوانیش بەشێکن لەو پیلانەو دەسیسانەی کە دەیانەوێت سەروەری ئەم دەوڵەتە تێکبدەن و یەکپارچەیی خاکی بخەنە ژێر پرسیارەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەر نیاز وایە پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عیراقی نوێ جیاوازی بنچینەیی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتە کۆنەکەدا، ئەوا دەبێت دەوڵەتی نوێی عیراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوەو دارشتنی دەستووری تازەیەوە ئەو پێناسە هەڵەو ناعادیلانەی خۆی بگۆڕێت کە خۆی وەك دەوڵەتێکی قەومی عەرەب و ئیسلامی ناساندووە، سەپاندنی ئەو پێناسەیە بەسەر نەتەوەکانی تردا و سەپاندنی تاك ئایینی ئیسلام بەسەر ئایینەکانی تری خەڵکی ناو ئەو چوارچێوەیەدا کە ناوی عیراقە، هەموو ئەوانە جگە لەوەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ناهەقیەکی گەورە بووە کراوە لەهەمان کاتیشدا لە ئێستادا دیسانەوە زەمینە خۆشکەری ئاگری شەڕو پێکدادانە نەتەوەییو ئایینییەکان دەبێت و پێکەوەژیان و تەبایيو هاوچۆن یەك بوونی هاولاٌتیانی ناو ئەو چوارچێوەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو هاولاٌتیانی پلە یەك و دووسێ لێدەکەوێتەوە، ئەم دەربڕین و پێناسە هەلاٌنە لە کاتێکدایە کە نەنەتەوەی عەرەب لەو چوارچێوەیەدا کۆنترین نەتەوەن و نە ئاینی ئیسلامیش کۆنترین ئایینە لە عیراقدا، دیسانەوە ئەمڕۆش بانگەشە کردنەوە بۆ عیراقێکی عەرەبیو ئیسلامی جارێکیتر ئەوە بیر خەڵك دەخاتەوە کە عیراقی کۆن و نوێ لە ڕووی ناوەرۆکەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە جا ئەگەر بە ڕووکەشیش قسە لە تەبایيو پێکەوە ژیانی دڵ خوازانە بکرێت لەچوارچێوەی فیدرالیدا.